## محەمەدی شافیعی:

# کەسانێک هەن وا بیر دەکەنەوە کە کۆمەڵە دەیەوێت ببێتە سۆسیال دیموکرات

دیدار
کاوان عومەر

محەمەد شافیعی کەسایەتییەکی ناسراوی بزوتنەوەی چەپە، ماوەی ٥ ساڵ زیندانی سیاسی بووە لە ئێران، لە ساڵی ١٩٩٤ لە لەندەن بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسییەکان وەرگرتووەو ساڵی ١٩٩٩ هەر لە هەمان زانکۆ ماستەری لە کۆمەڵناسی سیاسی وەرگرتووە، ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە، لەم دیدارەدا باس لە بارودۆخی ئێرانو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانو بارودۆخی ناو کۆمەڵەو چەند تەوەرێکی دیکە دەکات.

*** بارودۆخی ئێران لە چەند مانگی ڕابردوو چۆن هەڵدەسەنگێنن، بە تایبەت دوای بە بارمتەگرتنی ئەو دەریاوانە بەریتانیانە لەلایەن ئێرانەوە؟**

– کۆماری ئیسلامی تووشی گرفت و کێشەیەکی زۆر بووە، لەئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو ناوخۆییدا، ئەوەی ئێمە دەیبینین تەشەنەسەندنو کێشەکانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

ئەگەر بڕوانین لە ماوەی ٣ – ٤ مانگی ڕابردوو ٢ بڕیارنامە لەسەر ئێران دەرکرا، هەردووکی بەرپەرچدانەوەی کارەکانی ئێران بووە، کە مل دابنوێنێ بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی سیاسیدا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەریکە بە تەنیا دەمێنێتەوە.

لە ئاستی ناوخۆیدا بەو پێیەی ئەحمەدی نەژاد بە دروستکردنی دەوڵەتەکەی کە دەزانین هەموویان کۆنە پاسدار و ئیتلاعاتن، دەیویست بە شێوەیەکی سەربازی کێشەی ناوخۆی ئێران بخەوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین ڕووداوەکان هەمووی بە پێچەوانەوە چوونەتە پێشەوە بۆ نموونە لە چەند مانگی ڕابردوودا خۆپیشاندانی کرێکارانی کۆمپانیای واحید لە تاران، خۆپیشاندانی ژنان و هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی ناڕەزایەتی مامۆستایان بووین لە ئێراندا، ئەگەر سەرنجت دابێت لە یەک ساڵی ڕابردوودا دیاردەیەکی تر بە بڕوای من لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ کە ڕەنگە ئێستا کاریگەرییەکەی بە باشی دیار نەبێت، بەڵام گرنگە بۆ داهاتووی ئێران، ئەویش دەنگ هەڵبڕینی نەتەوەکانی تری ئێرانە، لەم کۆتاییانەشدا دەستگیرکردن و ڕفاندنی ١٥ دەریاوانی ئینگلیزی.

بەڕاستی ئێران بۆ ئەم کارە دەکات؟ پێموانییە بڵێین کۆماری ئیسلامی درکی سیاسی نییە، بەڵکو ئێران بەدوای مەبەستێکدا دەگەڕێت لە دروستکردنی ئەم جۆرە قەیرانە ڕەنگە ئامانجی سەرەکی ئێران ئەوە بوبێ کە بتوانێت بە دەستگیری ئەو ١٥ کەسە ئەو ٥ نەفەرەی کە ئەمریکا دەڵێت جاسووسن و هێزی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامین و کاری ڕێکخستنی تیرۆریستان دەکەن ئازاد بکات.

*** ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەبێت چی بێت؟**

– کاتێک تۆ باسی ئۆپۆزسیۆن دەکەیت، ئەگەر لە ئاستی ئێراندا باس بکەیت ئەوە شتێکی جیاوازە ئەگەر دێیتە سەر کوردستان ئەویش جیاوازە، لە ئاستی ئێراندا بەداخەوە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو کە وەکوو ئۆپۆزسیۆن جەماوەری لە پشت بێت ڕووبەڕوو نینو ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ناڕەزایەتییەکی نا ڕێکخراوانەیە لە ئێران.

دیارە من کاتێک کە باسی ئەوە دەکەم زۆرتر مەبەستم حزبی سیاسییە دەنا چینی کرێکار کاتێک کە ماندەگرن دیارە یەکگرتوون، مامۆستایان کاتێک کە ناڕەزایەتی دەردەبڕن دیارە یەکگرتوون، کاتێک ژنان دێنە ناو مەیدان دیارە یەکگرتوون، بەڵام وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕەسمی لە قاڵبی حزبدا ئەو یەکگرتووییە نابیندرێت.

پێموایە لە کوردستان خەڵکی کورد حزبی خۆی هەیە، لە حزبەکاندا ڕێکخراون، ئەم حزبانە کەم تا زۆر نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دەکەن، من ئەگەر تەماشای بکەم بە ناسەرکەوتووی نازانم.

*** پژاک دەڵێت حزبە کوردییەکان بە هیچ شێوەیەک لە کوردستان چالاکییان نییە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

– پێشتریش ئەو قسانەم لەلایەن سازمانی پژاکەوە بیستووە، ئەمە هەم دەتوانێت پڕوپاگەندە بێت و هەم دەشێ نیشانەی بێ ئاگاهییان بێت لە بارودۆخی ئێران و کوردستان. لەوانەیە هەردووکیشیان بێت.

*** کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان باس لەوە دەکات بیرۆکەی بەرەی یەکگرتوو لەلایەن ئەوانەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام زۆر لە ڕۆشنبیران و تەنانەت چەند حزبێک دەڵێن کۆمەڵە تائێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ نەناوەو زۆر جاریش تەگەرەیان خستوەتە ڕێ؟**

– من پێم خۆشە بڵێم بڕیاری بەرەی کوردستانی لە کۆنفرانسێکی باڵای حزبی ئێمەدا گیرا وەکو موزەعێکی موهیمی سیاسەتی ئەمڕۆی ئێمە ڕاگەیندراو کارشیمان بۆ کردووە.

ویستی یەکگرتوویی یان پێکهێنانی بەرەیەک کە هەموو هێزەکان و هەموو توانای بزووتنەوەی خەڵکی کورد ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، ویستێکی جەماوەرییەو یەکجار زۆر بڕەوی هەیە ئەویش لە پێویستییەکی واقیعییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئێمە بە پەی بردن بەو پێویستییە دروشمی بەرەمان هێنایە گۆڕێ، کەواتە ناتوانین بڵێین ئێمە کە خۆمان داهێنەری ئەو بیرۆکەیە بووین ئێستا تەگەرە بخەینە ڕێگای. کۆمەڵە تەنیا کولتوورو تەنیا چالاکی سیاسی کوردستان نییە بۆ ئەوەی کە تۆ بتوانی بەرە دروست بکەیت بە مانای ئەوەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانی تری مەوجود لە بزووتنەوەی خەڵکی کورددا بەرە پێکبێنێت ئەوە دەبێت هەموو بۆی ئامادە بن.

*** ئێوە دەڵێن پێکهێنانی بەرە زەروورەتێکە بۆیە هەنگاوی بۆ دەنێن، بەڵام ئێمە جیابوونەوەی حزبی دیموکراتمان بینی دەنگۆی جیابوونەوەی تر هەیە لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشاندا، لەلایەکەوە باسی بەرەیەو لەلایەکی ترەوە جیابوونەوە؟**

– ئەگەر جیابوونەوەیەک ڕوویدابێت تائێستا، جیابوونەوەیەک بووە کە لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕوویداوە، ئەمە بێگومان بەنیسبەت دروستکردنی بەرە دەتوانێت کۆسپێک بێت، هەرچەندە بەرە دەتوانێت ببێتە چەترێک کە ئەم لێک بڵاوبوونەوە لەژێر خۆیدا یەک بخاتەوە، کورد وتەنی زەرەر لە نیوەیشیدا بگەڕێتەوە هەر قازانجە.

باسی جیابوونەوەی تر وەک ئەوەی کە خۆت باستکرد لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران، غەیری پڕوپاگەندە کە لەلایەن نەیارانی کۆمەڵەوە دەکرێت شتێکی تر نابینم و ئاسۆیەک بۆ جیابوونەوە نابینم، هەڵبەتە ئەمە بۆچوونی خۆمە.

***جەنابتان لە کۆمەڵەدا ئەوە نابینن؟**

– من لە کۆمەڵەدا نایبینم.

*** ئایا دەتوانی بە ڕاشکاوانە بڵێیت جیابوونەوەیەکی تر لە کۆمەڵدا ڕوونادات؟**

– پێموانییە کەسێک هەبێت لە مێژوودا بڵێت بارودۆخ وا دەچێتە پێشەوە کە من دەڵێم، کەواتە هیچ گرەنتییەک نییە بۆ ئەوانە، بەڵام من کەسێکی سیاسیمو لێکدانەوەم لەسەر بارودۆخ و بۆچوونەکان و تەیارەکانی سیاسی ناو کۆمەڵە ئاوایە.

کێشەکانی ئێستای نێو کومەڵە وا نابینم جیابوونەوەی لێ بکەوێتەوە، لەوانەیە کەسانێک لە کۆمەڵەدا هەبن کە لە ئاخردا بڵێن ئێمە بەوە ڕازی نابین و لە کۆمەڵە بچنە دەرەوە.

با نموونەیەک بێنمەوە ساڵی ٢٠٠٠ واتە شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر ئێمە لە حزبی کۆمۆنیست هاتینە دەرەوە، ئەوە جیابوونەوە بوو بە خەتی فیکری و سیاسی جیاوازەوە، پێش جیابوونەوەکە بە چەند ساڵ جیاوازی سیاسی لە نێوانماندا هەبوو، ئێمە پێمانوابوو سیاسەتی تا ئەو کاتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سازمانی کوردستانییەکەشیەوە بە نیسبەت مەسەلەی نەتەوەیی کورد سیاسەتێکی هەڵەیە ئەوە یەکێک لە کێشەکانمان بوو، چونکە ئەو کێشانە واقیعی بوونو لە دەرەوەی تەشکیلاتیش باسی لێدەکراو خواستی خەڵک بوو.

دوای ئەوە کە کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیست جیابووەوە ئەو بوژانەوەی کە کۆمەڵە خۆی بۆ دانابوو، بوژانەوەیەکی واقیعی بوو کە لە کۆمەڵگادا ڕوویدا.

دیارە لەوانەیە کەموکوڕیمان هەبووبێت، بەڵام بەدەستەوە گرتنی ئەو پەرچەمەی کە کۆمەڵە دەبێت ببێتەوە بە حزبێکی کوردستانی و حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بەس قاڵب و قەوارەیەکەو نە کاریگەرییەکی ماوە، دەبێت لەوە بێینە دەرەوەو ببینە حزبێکی کوردستانی و چەپ و حزبێکی سۆسیالیستی و مەسەلەی نەتەوەییش وەکو مەسەلەیەکی پێوەندیدار بە کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێت، ئەمە جیابوونەوەیە.

*** ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی ئاسۆدا کۆمەڵە بەوە تاوانبار دەکات کە کێشەی باوک سالاری و پاوانخوازی هەیە، تەنانەت دەڵێت گەنجان ناتوانن بچنە ئاستی ڕێبەرایەتییەوە ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

– بەڵێ منیش ئەوەم خوێندۆتەوە، من بەبێ ئەوەی بچمە ناو وەڵامدانەوە بەو قسەیە پێمخۆشە شتێک بڵێم، کۆمەڵە حزبێکی سیاسییە، ئەم حزبە سیاسییە لەسەر بنەمای پیرەوی خۆی زیاد دەکات، کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت، کەس دێنێت و کەس دەبات، ئەمە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا دەکرێت، لە کۆنگرەکاندا ڕوودەدات، ژمارەیەک لە نوێنەرانی ناو کۆنگرەکە نوێنەرایەتی هەموو بەشەکانی تری تەشکیلاتی کۆمەڵە دەکەن، دێن و ئازادانە دەنگی خۆیان دەدەن و یەکێک لادەبەن و یەکێکی تر دێنن.

پێموانییە ڕێبەری کۆمەڵە گەنج نەبێت، ڕەنگە زۆر گەنج نەبین، بەڵام ڕێبەری کۆمەڵە بە ڕێبەرییەکی بە توانا دەزانم، لە هەموو بابەتێکەوە تەنانەت لە بابەت تەمەنیشەوە.

بەڕاستی هیچ کۆسپێک نەبووە بۆ ئەوەی کە کەسێک لێهاتوویی سیاسی هەبووبێت، بەڵام بەری پێ گیرابێت.

***ئایا کێشەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سیاسییە، بۆ نموونە هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی باوەڕیان بە سۆسیال دیموکراسی هەیە ئەمە وایە؟**

– تەسەورم ئەوەیە کە ڕێبازی سیاسی حزبێک لە کۆنگرەیەکدا دیاری دەکرێت، ئەم کۆنگرە ڕێبەرییەک هەڵدەبژێرێت، ئەوە ڕێبەرییەیە کە چۆنیەتی ڕێبازی حزبەکەی لەم کۆنگرەوە تا کۆنگرەیەکی تر دەباتە پێشەوە.

لەوانەیە لە چوارچێوەی تەشکیلاتی هەرحزبێکدا، ئەندامێکی بۆچوونێکی خۆی هەبێت، ئەو بیروبۆچوونە هەتا کاتێک کە نەبێتە ئیرادەی گشتی، نەبێتە مەوزوعێک کە کاریگەری بکاتە سەر کۆنگرەو لە ڕێگای کۆنگرەوە کاریگەری هەبێت بۆ ناو پێکهاتەی ڕێبەری نابێتە پێناسەی ئەو حزبە، من شتێکی وام نەدیوە کەسێک بیەوێت کۆمەڵە بکات بە سۆسیال دیموکرات.

ئێمە بۆ خۆمان بڕیارێکمان هەبوو کە کۆمەڵە تێبکۆشێت بۆئەوەی دۆستانی کورد لە ئاستی جیهانیدا زیادبکاتو بو ئەم مەبەستە لە ئینترناسیۆنالی سۆسیالیست و لە ئەحزابی سۆسیالیستی نزیک بێتەوە ئەگەر ئەو بڕیارەی کۆمەڵە کە وەکو تاکتیکێک، وەکو سیاسەتێک هەڵیبژاردووە کە لەگەڵ ئەحزابی سۆسیال دیموکرات پێوەندی بگرین ئەوا لێکدرابێتەوە کە کۆمەڵە دەیەوێت ببێتە سۆسیال دیموکرات ئەوە لێکحاڵی نەبوونێک و تێنەگەیشتنێکی تێدایە.

*** دەتانەوێت بەندی یەکی ئەساسنامە بگۆڕن؟**

– بەندی یەکی ئەساسنامە لەم کێشانەی کە ڕوویداوە بۆتە شتێک کە هەر بەڕاستی ئەو پێگەیە نییە، لە ڕاستیدا ئەو بەندە وەکو هەموو بەندەکانی تر ڕێگری کارمان نەبووە.

***ئێستا نەمزانی ئایا دەتانەوێت بیگۆڕن؟**

– پێم خۆشە پێت بڵێم بەندی یەک جێگای ئەوەیە کە دەبێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

***دەڵێن کەمینەکانی ئێوە**

> **بەرەی یەکگرتوو دەتوانێت ببێتە چەترێک هەموو جیابوونەوەکان لە ژێر خۆیدا یەک بخاتەوە**

**دەیانەوێت نزیک ببنەوە لە کاک ساعیدی وەتەن دۆست و هاوبیرانی، ئەمە ڕاستە؟**

–ئێمە تەبعەن لەنێو کۆمیتەی ناوەندیدا چەند نەفەرێک لە هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لەم مەسەلەو یان لەو مەسەلە ڕەنگە یەک بۆچوونیان نەبێت، هەر لە کۆنیشەوە ئەوە بووەو تازە نییە.

ئێستا ئەم کەمینەی ئێمە کە پێیانوایە بۆچوونێکیان لە فلانە بابەتدا جیاوازی هەیە لە بۆچوونەکانی زۆرینە، نە من و نە تۆو نە هیچ کەسێکی تر دوو دێڕی لێ نەدیون کە بڵێن ئا لەو مەوزوعەدا ئێمە وا بیر دەکەینەوە، بۆیە نازانم چۆن دەتوانین شتێک کە بڵاونەبۆتەوەو کەس نەیدوە باسی لێ بکەین. بەڵێ ڕاستە من دەزانم کاک ساعید وەتەن دۆستو بەرەیەکی تر لەو ڕەفیقانەی قەدیمی خۆم کە ئێستا لە حزبی کۆمۆنیستدا ماونەتەوە، بیروبۆچوونی جیاوازی خۆیان لەگەڵ ڕێبەری حزبی کۆمۆنیست دەربڕیوە، تۆ دەتوانی باسی لێ بکەیت، بەڵام تۆ ئەوە لە کۆمەڵەدا نابینیتو زۆر زووە ئەو پرسیارە، ئەگەر ئەوە هەیە دەبێت بێن و باسی بکەن جا ئەوکات بزانین نزیکییان پێکەوە هەیە یا نا.

*** لە پلنیۆمەکەدا شتێکی تازە باسکرا؟**

– پلنیۆمێکی ڕۆتین بوو، وەکو هەموو پلینۆمەکانی تر کە هەر سێ چوار مانگ ئێمە دەیگرین کە ئەمە پلنیۆمی ئەخیرمان بوو، ئەوەی بە مانای شتی تازە بێت نەم بینی، بەڵام لەسەر چەند شتێک کە پێشتریش باسمان لێ کردبوو جەختمان کردەوە، یەکێک لەو شتانەی کە باسمان کردو وتمان حەتمەن دەبێت تا کۆنگرەی داهاتوو کاری بۆ بکەین کە بۆ خۆمان ناومان نا چاکسازی ناو حزب، دووهەم جەختی زۆر بۆ گەلاڵە دارشتن بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و چاوخشاندنەوەیەکی دووبارە بەسەر ڕۆژهەڵات تی ڤی.

*** بۆ کەسانێک خۆیان بۆ دەفتەری سیاسی هەڵنەبژاردووە؟**

– ئەو کەسانەی کە دەستیان هەڵهێناوە هەموویان هەڵبژێردراون هەڵبەتە بە زۆرینەی دەنگ پێموایە ئەو پرسیارە دەبێت لە خۆیان بکرێت.

*** بۆچی بڕیارتان داوە کۆنگرەی نایاسایی ببەستن؟**

– ئێمە کۆنگرەی ١١ مان کە تەواو بوو بە شێوەیەک تەواو بوو کە پێمانوابوو بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵە وا تەواو بێت باشە، ئێمە کۆمیتەی ناوەندیمان بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵنەبژێردرابوون یانێ داوا بکەین کە خەڵک خۆیان بپاڵێون و دەنگیان پێبدرێت.

بڕیارێک دراو ئەوەش ئەوە بوو کە تا کۆنگرەیەکی تر دەگرینەوە، کۆمیتەی ناوەندی پێشوو لەسەر جێگای خۆی بمێنێتەوە، بەس ئەوەندە نەبێت دوو ئەندامی ئیحتیات ببنە ئەندامی ئەسڵی، هەر ئەو وەختە ئێمە ئەو قەرارەمان دانا.

*** یانی بە ڕای ئێوە ئەو کۆنگرە پێش وەختە بڕیاری تازەو سەرنج ڕاکێشی تێدا بێتە ئاراوە؟**

– پێوەندی بەبارودۆخی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە هەیە.



محەمەد شافیعی